**دائرةالمعارف فارسی**

ئەم کتێبە دوکتۆر "غلامحسین مصاحب" بە فارسی نووسیویە و لە بەرگی یەکەمیدا کورتە باسێکی لەمەڕ بۆکان ئاراستە کردوە:

بۆکان(Bukan) ، بەخش، شارستانی مەهاباد[ چاپی کتێبەکە هی پێش ساڵی ١٣٦٨(١٩٨٩)ە کە تێیدا بۆکان بوو بە شارستان]، کەوتۆتە ئوستانی ئازەربایجانی رۆژئاوا و ١٣٨ (؟) گوندی هەیە [نووسەر لە ژمارەی گوندەکان دڵنیا نەبوە و دیهستانی تورجانیشی خستۆتە سەر حیسابی بۆکان]. ئەم دیهستانانەی گرتۆتەبەر: ئەختاچی بۆکان، بیهی، تورجان. چۆمی تەتەهو(سیمینە رود) لە باشووریەوە بەرەو باکوور دەروات و هاوتەریبە لەگەڵ جادەی بۆکان بۆ میاندواو. ناوەندەکەی ناوی بۆکانە. (لە ساڵی ١٣٣٥[١٩٥٦] دا ٥٣٥٧ کەس دانیشتووی شارەکە بوون). کەوتۆتە ٥٦ کیلۆمتری باشووری مەهاباد.

ئاوی شار لە چۆمی تەتەهو و حەوزی ناوبەدەرەوەی بۆکان وەرگێراوە. بەرهەمی [کشت و کاڵی] توتن و چەوەندەرە. [ئاشکرایە ئەو زانیارییانە کۆن و بۆ ئە مڕۆ کمتر جێگەی بڕوان].

دائرةالمعارف فارسی، بە سەرپەرستی غلامحسین مصاحب، جلد اول(ا-س)، مؤسسه انتشارات فرانکلین. تهران، ١٣٤٥[١٩٦٦]